عەباس شوانAbasShiwan فینلاند

# 50پارچە زەوی کەم نییە!




دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو لەبەرنامەی چاوی سێیەمی تیڤی ئاسمانی کوردستاندا، گەندەڵی یەکێ لەدەنگخۆشە کلاسیکییەکان حەمەجەزا لەلایەن ڕۆژنامەنووس رەحمان غەریبی سەر بەتەلەفیزیۆنی ئازادی شاری سلەیمانییەوە ئاشکرا کرا، کە لەخێزانەکەیدا خۆی وهاوسەرەکەی سەرو پارچە زەوییان وەرگرتووە، ڕۆژنامەنووسێکی سەر بەهەفتەنامەی میدیا کە لەهەولێر دەردەچێت، بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشەیە فازڵ نەجیب، هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ دەنگخۆش و هاوسەرەکەی حەمەجەزا ئەنجام داوە، لەژمارە 242 ی ڕۆژی 06.5.30دا بڵاوکردۆتەوە.

لەم کێشەیەدا دوو بۆچوونی جیاواز هەست پێدەکرێت، حەمەجەزا بەئاوازێک و خێزانەکەی بەئاوازێکی توند تر، سەیرم لێدێت خانمێکی وا زۆر بێباکانە خەریکی فەزل فرۆشییە و خۆی بەشایەنی لەوە زیاتر بزانێ کە پێیان بەخشیوە (من شایستەی ئەوەم لەبری پارچە زەویەک، 50 پارچە زەوی وەربگرم)، مانای وایە هێشتا ئەو گەندەڵییەی کە ئێستا هەیە و سەروچاوی ئەوانیشی گرتوتەوە ڕازی نییە. ئای کە عەیبە، نازانم چۆن لەڕووی دێت پەیڤی وا دەربریت .
دوای ئەوە نازانم خەباتی شاخ و کێوان بوو بەچی، نەبرایەوە؟ ئەوە 12،10 ساڵە بەلێشاو بەشێوەی جۆراوجۆر سەروەت و سامان لوش دەدرێت، تەواو نەبوو تێریان نەخوارد!!

بەهەرحاڵ لەم کێشەیەدا ئەمان تۆپ دەخاتە گۆڵی سەرۆکی حکومەتی کۆنی یەکێتی عومەر فەتاحەوە- باوکی گەندەڵی! دەردەکەوێت؛ گەندەڵی لەسەرەوە شۆڕ بۆتەوە بۆ تاک تاکی کۆمەڵ، بەپێچەوانەیشەوە و هەریەکە بەجۆرێک پشکی بەردەکەوێت، هاوکات لەم تەنگانانەدا و کە یەخەیان پیدەگیرێت، هەموو خۆیان بەفریشتە لەقەڵەم دەدەن! باشە ئەی کێ مرۆڤی چاک و پاکە؟! 06.6.2